# شێواندنی مێژوو، هونەری بەردەوامی پارسەکان

**عەلی فەتحی**

سالآنێکی زۆرە سەرقاڵی وەرگێڕانی بابەتە مێژووییە یۆنانییەکان بۆ سەر زمانی کوردیم، تا ئێستا نە لە «مێژووی هێرۆدۆت»دا و نە لە «ئاناباس»ی گزنفۆن و «جۆگرافیا»ی ستراڤۆن و «شەڕەکانی پێلۆپۆنیسۆس»ی تووکیدیدیس و «کتیسیاس»ی کتیسیاسدا تەنانەت بۆ یەک جاریش ناوی ئێران یا هاوشێوەی ئەو ناوە لەلایەن نووسەرانی ئەو کتێبانەوە دەکار نەکراوە.

هیچکام لە میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەقەرا ئێرانییەکان هەوڵی دروستکردنی پێناسە و مێژوویان بۆ خۆیان نەداوە. هەڵبەت کاتێک دەڵێم ئێرانییەکان، مەبەستم تەنیا فارسەکانە. میللەتانی دەوروبەرمان هەرکامیان بە چاک یا خراپ خاوەن مێژوویەک هەن و بەلامانەوە ئاشنان. فارسەکان هەر بەوەندە نەوەستاون کە مێژوویەکی دەستکرد بەرهەم بێنن، بەڵکوو بەردەوام تێکۆشاون ئەو مێژووە قەڵبە، دەرخواردی گەلانی جیهان بدەن و بەوەندەش نەوێستاون و بەردەوام هەوڵیان داوە چ بە زەختکردن یا پارە بێ، خەڵک ناچار بە قبوڵ و پەسندکردنی بکەن. ئەوان سەرەڕای ئەوەی دەزانن کە برێکی زۆر بەڵگە و کتێب لەگۆڕێدا هەن و ڕاستییەکان لەواندا پارێزراون، بەو حاڵەش چاوەڕوانی ئەوەن خەڵک پتر باوەڕ بە نووسراوە دەستکردەکانی ئەوان بکا، نەک بە سەرچاوە مێژووییەکان. ڕەنگە سەیر نەبێ ئەگەر بڵێم تا ڕادەیەکیش لەو قەبڵاندنەدا سەرکەوتوون، چونکە لەسەر دوو توێژ بۆ ئەو مەبەستەیان کاردەکەن. یەکەم، ڕاهێنان و پەروەردەی منالانی نێو خاکی ئێران، کە ئەگەر بە ڕەگەز فارسن بەخۆشی و ئەگەریش غەیرە فارسن بە زۆری وەریدەگرن. توێژی دووهەمیش، خەڵکی ولاتانی جیهانن. هەڵبەت بۆ ئەو مەبەستە پارە خەرج دەکەن و بە ڕێگای میدیای گشتی و شێوازی جۆراوجۆری دیپلۆماسییەوە مەبەستەکەیان دەپێکن.

فارسەکان لە نووسراوە دەستکردەکانیاندا هەر خۆیان گەورەترین درۆ بە مێژوو دەڵێن. لەهەر کوێ بابەتێکی نووسراوی ئەوان دەخوێنییەوە، دەڵێن ئێمەی ئێرانی خاوەن فەرهەنگ و شارستانیەتێکی بە شکۆ لە مێژوودا بووینە. دیارە سەرەتا پێم خۆشە سەبارەت بەو ناوە دەستکردە، واتە «ئێران» چەند دێرێک ڕوونکردنەوە بدەم. سالانێکی زۆرە سەرقاڵی وەرگێرانی بابەتە مێژووییە یۆنانییەکان بۆ سەر زمانی کوردیم، تا ئێستا نە لە «مێژووی هێرۆدۆت[۱]»دا و نە لە «ئاناباس[۲]»ی گزنفۆن و «جۆغرافیا[۳]»ی ستراڤۆن و «شەڕەکانی پێلۆپۆنیسۆس»ی تووکیدیدیس و «کتێسیاس[۴]»ی کتیسیاسدا تەنانەت بۆ یەک جاریش ناوی ئێران یا هاوشێوەی ئەو ناوە لەلایەن نووسەرانی ئەو کتێبانەوە دەکارنەکراوە. کە باس لە بابەتێکی پێوەندیدار لەو بارەیەوە هاتبێتە گۆڕێ، دوو ویژە هەن، یەکیان «پارس، پارسەکان» و ئەوەیتریان «بەربەرەکان». هەڵبەت لەو شوێنانەی بابەتەکە زۆرتر لەڕووی گەلناسی و جۆغرافیاییەوە بێ، ئەوە ئەو نووسەرە یۆنانییانە دەڵێن پارسەکان، ئەگەریش باسی شەڕ و داگیرکاری بێ، وەکوو «بەربەر» ناویان دێنن.

«هێرۆدۆت خەڵکی ئالیکارناسۆ، بۆیە ئەو لێکۆڵینەوەیەی خستووەتەڕوو، بۆوەی بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار بەرهەمی مرۆڤەکان، دوای شەڕە سرنجڕاکێشەکانی نێوان یۆنانییەکان و بەربەرەکان لەبیر نەچنەوە، بەتایبەت، نابێ هۆیەکانی پێکدادانی ئەو دوو لایەنە فەرامۆش بکرێن.»

سەبارەت بە فەرهەنگ و شارستانییەتی ڕابردوویان، دەکرێ بڵێم بەجۆرێک لاساییکردنەوەی یۆنانییەکانە، ئەگەر نەڵێم ڕکەبەرایەتییە. بەو جیاوازییەی ئەگەر یۆنانییەکان دەڵێن خاوەن فلان بابەتی بەنرخ بووینە، لەجێوە شوێنەوار و میراتێکی مێژوویی وەکوو بەڵگە پیشان دەدەن، کە یا لای خۆیان پارێزراوە، یا لە یەکێک لە مووزەکانی جیهانیدا داندراوە. بۆ وێنە، کاتێک دەڵێن «ئاکرۆپۆلیس»مان هەیە، کە شەشسەد ساڵ بەر لە لەدایکبوونی مەسیح بنیاتنراوە، ئەوە بە بەرچاوی هەموو خەڵکی جیهاندا بە بەڵگە و مێژوو دیارە کە بە فەرمان و دەستی کێ و لە کام سەردەمدا دروست کراوە و سالانە بە هەزاران گەشتیار سەردانی دەکەن و مێژووەکەشی بووەتە بەشێک لە وانەکانی خوێندن، هەم لە بەشی مێژوو و هەم لە بەشی

مێعماریدا.
توکیدیدیس دەڵێ:
« بەرلە هاتنەسەرکاری تیسێئاس ئەو شارە ئاواییەکی ئەوتۆ بەوەج نەبوو جیا لە ئاکرۆپۆلیس و ئەو گەڕەکەی لە داوێنی باشووریی شاخەکە دروست کرابوو. »
ئێرانییەکان، یا باشترە بڵێم پارسەکان، تەنانەت ئەوانیش بەردەوام ناوی «ئاکرۆپۆلیس» دێنن و ئیعترافی پێ دەکەن، چونکە لە سەردەمی خەشایارشای هیخامەنیشیدا بە مەبەستی داگیرکردن و جێبەجێکردنی خۆزیا و وەسیەتی داریووشی گەورە، جارێک هێرشیان کردووەتە سەر شاری ئاتێن و تووشی شکست هاتوون. لێ، سەبارەت بە پاسارگاد و گۆڕی کوروشی یەکەم، دەبێ بڵێم «پاسارگاد»ەکەیان ئەبەدا هونەری خۆیان نییە و وەستا و مێعماریان لە شوێنی دیکەوە هێناوە و دەستکردی ئەوانە. لە سەر خشتەنووسە دۆزراوەکانی پاسارگاد، وێژەی «بەردتراش» بە زاراوەی میدیایی دۆزراوەتەوە و وێدەچێ زۆربەی بەردتراشەکان میدیایی بووبن. ئەوە پێمان دەڵێ کە میدیەکان زۆر پێشتر لە پارسەکان شارەزاییان لەو کارەدا هەبووە، بەتایبەت کە بیناکانی بارەگای پاشایەتییان لە شاری شووش و هێگمەتانە دروست کردووە. هەر بە هۆی زانیاریی سەر ئەو کۆمەڵە خشتەنووسراوانەوە، دەردەکەوێ بەشی زۆری کرێکارەکان کە بۆ دروستکردنی بیناکانی پاسارگاد هاتوونەتە ئەو شوێنە خەڵکانی بیانی بوونە. بۆ وێنە، لەسەر یەک لە خشتەنووسراوەکان، قەیاسی پارەی هەقدەستی سەرعەمەلەیەکی دارتاشی میسری نووسراوە و لە سەر یەکی دیکەش هەقدەستی کرێکارە میسری و سوورییەکان بەرچاوەدەکەوێ. دەرکەوتووە کرێکاری خیتی کە لە باشووری خۆرئاوای تورکیەی ئێستا ژیاون، لەگەڵ یۆنانییەکانی ئاسیای بچووک کە ئەمڕۆ بە یۆنانییە پۆندییەکان ناوبانگیان هەیە بەشداربوونە و هەروەها زێڕینگەری خەڵکی کارییەش ناوی تۆمارکراوە.
هەر ئەو بینایە لە سەردەمی ئەسکەندەر ئاوری تێبەرداراوە و وێران کراوە و دیارنەبووە کە چەندە گەورە بووە. ئەوەی لەو دواییانەدا ڕوون بووەتەوە، ئەوەیە کە لە سەردەمی پەهلەوییدا، بە مەبەستی نۆژەنکردنەوەی پاسارگاد، زۆر شوێنیان بەشێوەی نهێنی پێوە زیادکردووە بۆوەی وەها بنوێنن ئەو پاسارگادە یەک لە عەجایباتی سەرسوڕهێنەری سەردەمی خۆی بووە.
لەمەڕ قەبری کوروشیش، بەڕاستی با بزانین ستراڤۆن لە کتێبی «جۆغرافیا»دا چۆن باسی دەکا:
«ئەسکەندەر پاشان گەیشتە پاسارگاد، واتە بارەگا و قەسری کۆنی پاشاکان. لێرە چاوی بە گۆڕی کوروش کەوت، بورجێکی بچووک بوو لەنێو دارستانێکی چڕدا. ئارامگەیەک خاوەن بناغەیەکی پتەو و لەسەر ئەویش مەزارگە و درگایەکی بەرتەنگ. ئاریستۆڤوولۆس لێی وەژوورکەوت و بەفەرمانی ئەلێکساندرۆس گۆڕەکەی ڕازاندەوە. لەوێ تەختی خەوێکی دیت کە شێوەی مێزی دەدا و بەزێڕ و جەواهیرات ڕازابۆوە. ناوبراو لە یەکەم وەژوورکەوتنیدا چاوی بەو شتانە کەوتبوو. جاری دووهەم کە دووبارە سەردانی ئەوێی کردبوو، تەواوی کەلوپەلی مەزارگەکە دزرابوون و تەنیا قەرەوێڵە و تابووتەکە لە شوێنی خۆیان مابوون، ئەوانیش بە شکاوی. دزەکان تەرمی مردووەکەیان ڕاگواستبوو و دەرکەوت کاری چەتەکانە، نەک ساتراپی ناوچەکە، چونکە دزەکان تەنیا ئەو کەرستانەیان جێهێشتبوو کە بردنیان دژواربوو. ئەو ڕووداوانە لەحاڵێکدا قەومابوون کە کۆمەڵێک لە مۆغەکان پاسەوانیی ئەو شوێنەیان پێ ئەسپێردرابوو و بژیوی ڕۆژانەیان مەڕێک و مووچەی مانگانەشیان ئەسپێک بووە».
بەپێی نووسینەکەی ستراڤۆن بۆمان دەردەکەوێ، نە جەنازەیەکی نێژراو لەو شوێنە

هەیــە و نەکوروشــێک کە ئەمڕۆ فارســەکان تەنیــا بــە مەبەســتی نەتەوەســازیی بەدرۆ، ئەوەیش نەک بە نێوی نەتەوەی پارس، بەڵکوو بەحیســابی نەتەوەیەکی نەبوو بەناوی ئێران، دەچنە شــوێنەکە و سوجدە بۆ بینا بەردینەکە دەبەن.

یۆنانییەکان بەوپەڕی متمانە بەخۆبوونەوە باس لە پێگەیشــتوویی خۆیان لە ســەردەمی باســتاندا دەکــەن. چونکــە لە زانســتەکانی فەلســەفە، مێــژوو، جۆغرافیــا، پزیشــکی و هتددا بەراســتی خاوەن چەندین قوتابخانەی جۆراوجۆر بوونە و ئەژمارێکی زۆر لە کتێبەکانی نووســراوی ئەو ســەردەم رزگارییان هاتووە. بــە خوێندنــەوەی ســەرچاوە مێژووییەکان گەلێک زانیاریی بەنرخمان لەو بارەوە دەســت دەکەوێ. نووسەرانی ئەو سەردەم کە خۆیان بە قوتابییانی مەکتەبە جیــاوازەکان زانیوە، یەک بە دوای ئەوەیتردا خزمەتی زانستیان کردووە. کتێبخانەی ئەســکەندەرییەی میسر یەک لەو شــوێنانە بووە کە یۆنانییەکان گەشــەیان پێ داوە و لەجیــات ســووتاندن و وێران کردنی، خزمەتیــان پــێ کــردووە. کالیماخــۆس لە سەردەمی پتۆلێمێئۆســی فیلادێلفیدا ژیاوە و بەرپرسی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە بووە. زۆر بابەتی پەخشان و شێعری نووسیوە و تەنانەت ڕەخنەی لــێ گیراوە کە درێــژەدادری دەکا. سەبک و شێوازی شێعریی ناوبراو دواتر لەلایەن ڕۆمییەکانەوە گرینگیی پێ دراوە و بە سەبکی کالیماخۆســی ناوی دەرکردووە. لەبەر ئەوەی لە زۆر بواردا شــارەزا و زانــا بووە، ژمارەیەکی زۆر قوتابــی ڕوویان تێ کردووە. لەنێو ئەوانەدا ئاریستۆفانیســی بیزانــدی، ئێراتۆســتێنیس و ئاپۆلۆنیۆســی ڕۆدۆســی. کالیماخــۆس پتر خــۆی بە لێکدانەوەی شــێعرەکانی ئۆمیرۆس ســەرقاڵ کــردووە. یــا ئێراتۆســتێنیس، کە ناســراوترین جۆغرافیزانــی یۆنانییــە. ناوبراو خەڵکی کیرینێئۆس، لە ٢٧٦ – ١٩٦ی پێش زایین ژیــاوە. قوتابی لیســانیا و کالیماخۆس بووە. دوای کالیماخۆس، ئیدارەی کتێبخانەی شــاری ئەســکەندەرییەی پێ ئەســپێردراوە. زۆر کتێبی ســەبارەت بە جۆغرافیا نووســیوە، بەتایبەت کتێبی ‹›جۆغرافیا ‹› لە سێ بەرگدا. ژمارەیەک کتێبیشی لەمەڕ ماتماتیک، فەلسەفە و ئەستێرەناسی نووسی. ئەو هەروەها مەودای بازنەیی دەوری بیچمی زەویی حیســاب کرد. ناوبراو گەڵێک بەرهەمی فەلسەفی، ماتماتیک، ئەستێرەناسی و ســاڵژمێری و شێعر و بابەتی تری لەدوای خۆی جێهێشت.

هێــرۆدۆت لەمــەڕ تایبەتمەندییەکانــی پارسەکان لە زۆر شوێن زۆر ڕاشکاوانە باسیان دەکا. هــەر لەبەر ئــەو جۆرە نووســینانەش، پارسەکان زۆر کەیفیان بە ناوبراو نایە. هەڵبەت لــەو شــوێنانەی تاریفیــان دەکا، هێرۆدۆت بەلایانەوە دەبێتە «باوکی مێژوو»، بەڵام هەرکە بەچاکی نێوی نەهێنان، خێــرا لە باوکایەتیی مێژوو دەیشــۆرنە و دەڵێن بابەتەکانی داستان و ئەفســانەن. خۆیــان هەرچەنــد میللەتێکی ڕەشــورووت بوونە، بەڵام کاتێک دەسەڵاتیان دەست کەوتووە، هەم لە خەزێنەی فەرهەنگی گەلانــی تر کەڵکیــان وەرگرتــووە و هەم بە چاوی سووک ســەیری ئەو گەلانەیان کردووە کە لە ژێر چەپۆکیاندا بوونە. ئەوەتا هێرۆدۆتی ئەفسانەسەرای باوکی مێژووش بە قەولی ئەوان، لە کتێبی یەکەم، بەندی ١٣١دا بە ڕاشــکاوی پێمــان دەڵێ: «پارســەکان بەچاوی ســووک سەیری گەلانی دوور لە خۆیان دەکەن».

خۆ ئەگەر هێرۆدۆت گوتبێتی پارســەکان لەســەر ســفرەی گەلانی دیکە دەژین و ئەو قسەیە بەدڵی فارسەکان نەبێ، ئەوەتا ستراڤۆن ئەویــش لــە بەرهەمەکــەی خــۆی بەناوی «جۆغرافیا»، لە کتێبی ١١ و بەشی ١٣دا دەڵێ:

«هەڵبــەت میدیــاکان ئــەو نەریتانەیان خوڵقانــدووە، چونکە بەرلە پارســەکان ئەوانە فەرمانڕەوای ئاســیا بوونە و پارســەکان دواتر بوونەتــە جێگــرەوەی میدیــاکان. بــۆ وێنە ئەوەی ئەمڕۆ بەجلوبەرگی پارســی ناســراوە،

ئەویش میدیایـــی بووە. هەروەها هۆگربوون بە کەوانداری، ســـوارکاری، شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ پاشاکان، جۆری جلوبەرگیان، ڕێزگرتن لە پاشـــا وەکوو خوا کە نەریتی پارســـەکانە، گشـــتیان لە میدییەکان وەرگیـــراون. ئەوانە شـــتگەلی ڕاســـتەقینەن و لـــە جلوبەرگیاندا دەردەکـــەوێ: مەندیل، کڵاو، ئارەقچنی لبادی کە فارســـەکان لە ســـەریان دەکەن و عەبای کورتـــی قۆڵدرێـــژ، پانتۆڵـــی تەنـــگ، کۆمەڵە بەرگێکن کە بۆ شوێنی سارد و باکووریی وڵات وەک وڵاتـــی میدیا کەڵکیان لـــێ وەرگیراوە. ســـەبارەت بە ناوچەکانی باشوور، ئەو چەشنە جلوبەرگە کەمتر گونجاون. پارســـەکان پتر لە نیزیک دەریای ئێریترە دەژین، باشوورتر لەوان ڤاقیلی و سووســـییەکان نیشـــتەجێن. دوای ڕوخانی فەرمانڕەوایی میدییەکان، پارســـەکان چەند هەرێمێکی میدیاکانیشـــیان خستەسەر خاکی خۆیان. دابونەریتی شکستخواردووەکان بەلای سەرکەوتووەکان ئەوەندە خاوەن شکۆ و گەورەیی شاهانە بوون کە پارسەکان ئامادەبوون جلوبەرگی ژنانەی میدیایی لەبەرخۆیان بکەن، نـــەک وەک خۆیان ڕووت و ڕەجاڵ بخولێنەوە. ئیتر فێربوون جەســـتەی خۆیان بە جلوبەرگ داپۆشن» .(جۆغرافیای ستراڤۆن ١١ بەندی ١٣)

هێرۆدۆتیـــش لە کتێبی یەکـــەم، بەندی ١٣٦دا چەنـــد خـــوو و خدەیەکـــی دیکـــەی پارسەکانیش ئاشکرا دەکا کە هی خۆیان نییە . ئەو دەڵێ:

«پارســـەکان ڕاحەتتر و هاسانتر لە گەلانی تـــر، عادات و ڕەفتاری بێگانـــەکان وەردەگرن. شێوەی پۆشـــینی جلوبەرگی میدییەکانیان لە هی خۆیان پێ باشترە و ڕەچاویان کردووە. لە شەڕەکاندا زرێی میســـری دەپۆشن. وەختێک شێوەکانی جۆراوجۆری خۆشگوزەرانیی گەلانی تر دەبینن، خێرا ڕووی تێ دەکەن. پارسەکان مناڵبازی و نێربازی لە یۆنانییەکانەوە فێربوون و خاوەن سیســـتەمی فرە ژنی و مەعشـــوقەی زۆرن».(مێژووی هێرۆدۆت بەندی ١٣٦)

سەیر لەوەدایە کە یۆنانییەکان خاوەن ئەو گشتە زانستە لە بواری جۆراوجۆر بوونە، بەڵام پارســـەکان چوون خراپتریـــن و قیزەوەنترین نەریتی ئەوانیان ڕەچاوکردووە، ئەویش مناڵبازی و نێربازی و فرەژنی و مەعشووقەداری!

دوای ئـــەو خووگرتنـــە، تا ئـــەو جێگایە زێدەڕۆییان کردووە کە کتیسیاس، ئەویش بە ئاشکرا باسیان دەکا و ناویان دێنێ:

لە کتێبی کتیسیاسدا، لە دوو شوێن، واتە لە بەندەکانی ٩٣ و ٩٤دا هاتووە:

«پارسەکان بە ئازادی و دەست ئاوەڵاییەوە لەگـــەڵ کەســـانی مەحرەمـــی خۆیـــان واتە دایکەکانیان ســـەرجێیی دەکـــەن، لەو بارەوە شارەزان و ناترسن»(کتیسیاس، بەندی ٩٣)

«پارسەکان لەگەڵ دایکەکانیان سەرجێیی و تێکەڵاوی جینسی دەکەن.»(کتیسیاس، بەندی ٩٤)

دیارە میللەتی بێ فەرهەنگ، وەکوو زێروو بە جەســـتەی گەلانی دیکەوە دەنوسێت و لە خەزێنە و ســـامانی ئەوان دەخوات. ئەو هەمەوو هاتوهـــاوارە دەکەن و بەلایانەوە شـــانازییە کە ئیمپراتۆری هیخامەنیشی چی بەسەر گەلانی دیکە هێناوە، لەحاڵێکدا هەر ئەو ئیمپراتۆرییە لە سەرتاســـەری خاکی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا نەیتوانیوە پزیشکێک پەروەردە بکا و هەمیشە ناچاربووە پزیشـــکانی یۆنانی بە زۆرە ملی و بە زەبری چەک و پارە ڕابگرێ.

«لە نێوەڕاســـتی دیوەخانی پاشادا وێستا، داریوش ســـەبارەت بە حەکیمایەتیی ئەو لێی پرســـی. دیمۆکیدیس گەرەکـــی نەبوو خۆی ئاشـــکرا بکات، لەوە دەترسا جارێکی تر چاوی بە وڵاتەکەی نەکەوێتەوە. داریوش تێگەیی کە دیمۆکیدیس درۆ دەکا، فەرمانی بەو کەسانەدا کـــە ناوبراویـــان هێنابووە لای ئـــەو، کە خێرا قەمچی و کۆمەڵێک بزمار بێنن. دیمۆکیدیس ترسی ڕێنیشت و خۆی ئاشکرا کرد.(کتیسیاس، بەندی ١٣١)

«دیمۆکیدیس پاش ئەوەی لە شاری شوش

موداوای داریوشی کرد، خانوویەکی گەورەی بۆ سازکرا و هاوسفرەی پاشا بوو و پێکەوە زیافەتیان دەکرد. ئیزنی پێ درابوو کە چی دڵی دەخوازێ بیکا، تەنیا یەک شت نەبێ، ئەویش بۆی نەبوو بگەڕێتەوە وڵاتی یۆنان». (کتیسیاس بەندی ١٣٢)

تەنانەت ڕاگرتنی «کتیسیاس»یش لە بارەگای هیخامەنیشییەکان لەلایەن ئەردەشیر پاشاوە بۆ ماوەی ١٧ساڵ وەکوو پزیشک خۆی بەڵگەیەکی ترە. کتیسیاس مێژوونووس و پزیشک بوو و زانیارییە مێژووییەکانی خۆی لە کۆمەڵە کتێبێکدا نووسی کە لە ١٧ جلد پێکهاتبوو و بەناوی «پێرسیکا» ناوبانگی دەرکرد.

پارسەکانی دوێنێ و ئێرانییەکانی ئەمڕۆ زۆر زوو خۆیان ناسیوە و بە تواناکانی خۆیان زانیوە و خێرا ستراتیژییەکی ئەوتۆیان داڕشتووە کە هەزاران ساڵە بۆ ئەوان خێری داوەتەوە. وەسیەتێکی مێژووییان بەجێ گەیاندووە کە بە درێژایی مێژووەکەیان پێی بوونەتەماڵ. وەسیەتەکە هی یەک لە گەورەکانی خۆیان بووە و تەنانەت کوروشەکەشیان ڕەچاوی کردووە و مایەی بۆ داناوە. هێرۆدۆتی یۆنانی زۆر جوان لە کتێبی مێژووی شەڕی پارسەکاندا ئیشارە بەو وەسیەتە دەکا. ناوبراو لە کتێبی نۆهەم و بەندی ١٢٢دا دەڵێ: «ئارتایئیکتیس، ئەو کەسەی لە خاچ درا، باپیرێکی هەبوو بەناوی ئارتێمڤاریس. ئەو کابرایە بەر لە کۆژرانی، ئامۆژگارییەکی پارسەکانی کردبوو. ئەو ئامۆژگارییە دواتر بەهۆی پارسەکانەوە گەیشتبووە دەست کوروش و بەو چەشنە بوو: «لەبەر ئەوەی خواوەند دیاریی پێشەوایی بە تۆ و پارسەکان بەخشی، لەبەر ئەوەی تۆ فەرمانڕەوایی ئاستیاگت ڕووخاند، لەبەر ئەوەی ئێمە لەسەر خاکێکی کەم و بێ بەهرە دەژین، باشترە لێرە بڕۆین و بچینە سەر خاکێکی بە پیت. گەلێک وڵاتی دراوسێی دوور و نێزیکی ئێمە هەن، با خاکی یەکێک لەوانە داگیربکەین و ببینە مایەی حورمەتی پتر لەلایەن مرۆڤی زۆرترەوە. ئەوەش دیاردەیەکی سروشتییە کە کەسانی تر ڕێبەریی خەڵکانی تر بکەن. من پێم وایە ئەوکاتە دەرفەتی گونجاوتر لە ئێستامان دەست دەکەوێ ئەگەر پاشایەتی بەسەر گەلانی تر و تەواوی ئاسیادا بکەین». کوروش گوێی لەو ئامۆژگاری و پێشنیارە گرت و هیچ دژایەتییەکی لەگەڵدا نەکرد، بەڵکوو داوای لە پارسەکان کرد وەبەرچاوی بگرن و جێبەجێ بکەن».

کوروش ئەو کاتە بە پارسەکانی گووت: «پارسەکان! پێویستە ئەوە بزانن کە خاکی نەرم مرۆڤی نەرم بەرهەم دێنێ، دەغڵ و دانی زۆر و پیاوی جوامێر و شەڕکەر لەو خاکە نەرمەی ئێمە بەرهەم نایە، بۆیە هەمیشە مەترسیی ئەوەتان لەسەرە کە گوێڕایەڵ و سەرشۆڕ بن، نەک خاوەن هێز و دەسەڵات».(مێژووی شەڕەکانی پارس ٩، بەندی ١٢٢)

پارسەکان لەو گوتەیەی کوروش تێگەیشتن و بەلایانەوە ماقوڵترین ئامۆژگاریی ناوبراو بوو. لەو سەردەمەوە بە باشیان زانی فەرمانڕەوایی بەسەر گەلانی وڵاتانی هەژاردا بکەن، نەک دەشتە پانوپۆڕەکانی خۆیان داچێنن، بەڵام لەولاوە کۆیلەی نەتەوەی تر بن.

ڕاست لێرەدا و دوای ئەو وەسیەتە، ئاکامی داگیرکاریی ئەو نەتەوەیە دەبینین کە چۆن بوونەتە مایەی ماڵوێرانیی گەلانی دیکە و سەیرەکەی لەوەشدایە کە شانازی بەو داگیرکاری و سووتمان و زەرەی خۆیان دەکەن و بە گەشەی فەرهەنگ و شارستانییەتی دەزانن. ئەرێ بەڕاست، لە کوێی دنیادا کوشتن و سووتاندن و وێران کردن و داگیرکاری، بووەتە ئیفتیخار و شانازی و پێشکەوتوویی فەرهەنگی؟ بۆ وەرگرتنەوەی وڵامێک، پێم وایە هەر دەبێ لە ئێرانییەکان خۆیان بپرسین. پارسەکان تا ئەو جێیە ڕووهەڵماڵاوییان نواندووە کە پێشکەوتنی زانست و پەروەردەی یۆنانییەکانیان پێ سووکە

و دەســەڵاتداریەتیی هیخامەنیشــیان پێ لە فەرمانڕەوایــی میدییەکانیش بەلاوە گرینگترە. هەر لەو بــارەوە با بزانین هێرۆدۆت لە کتێبی یەکــەم و دواپاراگرافی بەنــدی ٩٥ و بەندی ٩٦دا سەبارەت بە میدییەکان چۆن دەدوێ:

«ئاسوورییەکان(ئاشــووری) بــۆ مــاوەی پێنسەد ســاڵ دەسەڵاتداری ئاســیای ژوروو بوون. میدییەکان یەکەم نەتەوە بوون کە دژی ئاســوورییەکان ڕاپەڕین. ئــەوان بۆ ڕزگاری و سەربەستیی خۆیان شــەڕی ئاسوورییەکانیان کــرد و جوامێــری و بوێرییــان نوانــد و سەربەســتییان وەدەســت هێنا. دواتر گەلانی تریش چەشــنی میدییــەکان هەمان ڕێگایان گرتەبــەر و خۆیان ڕزگارکرد». (هێرۆدۆت کتێبی یەکەم بەندی ٩٥)

«دوای ئــەو ئاڵوگۆڕانــە، گشــت گەلانی ئاســیای بچووک بوونە خاوەن ســەربەخۆیی خۆیان، بەڵام دواتر دووبارە چەشــنی کۆیلە و یەخســیر کەوتنەوە ژێردەستی تاکە کەسێک (کوروش – وەرگێــر). ڕەوتی ڕووداوەکان بەو شێوەیە بوو: لەنێو میدییەکاندا مرۆڤێکی وشیار و زیــرک بە ناوی دییۆکیــس (دیاکۆ)، کوڕی فەرائــۆرت هاتە مەیدان. ناوبراو ئەو کاتە قازی بوو».(هێرۆدۆت کتێبی یەکەم بەندی ٩٦)

ئەخلاق بەلای پارسەکانەوە هیچکات نرخی نەبووە. ئەگــەر لە ژیانی ڕۆژانەیاندا گرینگییان پێ نەداوە، لە حوکمڕانی و دەسەڵاتداریشــدا هــەر بەوجۆرە جوڵاونەوە کــە تەنیا لە خۆیان وەشاوتەوە. ســوێند بەلایانەوە مانای نەبووە و بەڵێن واتە بەرژەوەندیی کاتی. ئەو سیاسەتەی تــا بە ئیمــڕۆش بەڕێــوەی دەبــەن. دەهۆ و هەڵفریوانــدن و ســوێند و بەڵێن ژێرپێنان بە زیرەکــی دەزانــن و ناجوامێرانــە کوشــتنی دژبەرەکانیان بە قارەمانەتی دادنێن.

لە مێژووی مۆدێرندا زۆر نموونەمان هەیە باسی بکەین، بەڵام با سەیرێکی مێژووی کۆن بکەیــن و بزانین پارســەکانی هیخامەنیشــی خاوەن چۆن مۆراڵێک(ڕەوشتێک) بوونە.

گزنفــۆن لــە کتێبــی ئاناباســدا باس لە خەیانەتێک دەکا کە پارســەکان چۆن بە درۆ فەرماندە یۆنانییەکانیان بانگهێشتی زیافەتێک کردووە و چییان بەسەر هێناون: «یۆنانییەکان شــەرتەکانیان قبــوڵ کــرد. هــەردوو لایان ســوێندیان خوارد، تیســافێرن و ژنبرای پاشا دەستی ڕاســتی خۆیان بۆ لای سەرکردەکانی یۆنانی ڕاداشت و پێکەوە تەوقەیان کرد. دوای ئەو ڕووداوە، تیسافێرن گوتی: ‹‹ئێستا دەچمەوە لای پاشــا، هەر کە کارەکانــم جێبەجێ کرد، دەگەڕێمەوە لاتان، بۆ ئــەوەی بتانگەڕێنمەوە یۆنان و منیش خۆم بچمەوە سەر حوکمڕانیی ساتراپییەکەم.›› سەرکردەکان: پرۆکسێنۆسی ڤیئۆتی، مێنۆنی تێســالی، ئاپاســی ئارکادی، کلێئارخۆســی لاکۆنــی و ســوقراتی؛ ئاخایی بوون. ئەوانە چوونە خێمەی تیسافێرن، باقیی سەرکردە و فەرماندەرەکانی دیکە لە دەرەوەی خێمە چاوەڕوان مانەوە. دوای تاوێک، تەواوی ســەرکردەکانی نێو خێمە دەستبەسەر کران. بە هەمان دەســتوور گشــت ئەو کەسانەی لە دەرەوە وەســتابوون، گیران و سەریان لێ درا. دوای ئــەو ڕووداوە، هێزەکانــی بەربەر ڕوویان لە بیابان کرد و هەر یۆنانییەکی لەســەر ڕێگا دەســتیان کەوت، نیزامی و نانیزامی، لە جێوە کوشتیان».

لێــرە ئاماژەیەک بە خەشایارشاکەشــیان دەکەیــن کە زۆری شــانازی پێــوە دەکەن. لــە مێژووی هێرۆدۆتدا لەســەر خەشایارشــا هاتووە: «کاتێک کســێرکیس (خەشــایار) لە قسەکانی بووەوە، بەنێو کوژراوەکاندا دەربازبوو و بیســتبووی لێئۆنیداس پاشا و سەرکردەی لاکێدیمۆنییــەکان لەنێویاندا. دەســتووری دا سەری ببڕن و بە نووکی کۆڵەکەیەکی وەکەن. بەو کردەوەیە و لە زۆر بەڵگەی تردا دەرکەوتووە کە کســێرکیس لەنێو گشــت دوژمنەکانیدا، پتر لە هەر کەســێکی تر، ڕقی لە لێئۆنیداس بووە. ئەگەر ئاوا نەبوایە، هیچکات پاشا ئەو بێ ئەخلاقییەی لەگەڵ جەنازەی مردوو نەدەکرد،

ئەوجـــۆرەی بیســـتبووم پارســـەکان تەواوێک قـــەدری پیـــاوی شـــەڕکەری بوێـــر دەگرن. لەهەرحاڵـــدا ئەوەی کســـێرکیس داوای کرد، بەجێیان گەیاند».(هێرۆدۆت، ١٠٢١)

یـــا هەر ئەو کوروشـــەی بەردەوام باســـی دەکەن کە ئینسانێکی بە ئەخلاق بووە و ڕێزی ئینسانەکانی گرتووە، تەنانەت شووهەڵدەکێشن و دەڵێن: «مافی مرۆڤی نوســـیوە»، بزانین چۆن بـــووە. هێرۆدۆت دەڵـــێ: «تۆمیریس وەختێک خەبەری پێ گەیی کە چ بەســـەر لەشـــکر و کوڕەکـــەی هاتووە، ڕاســـپاردەی نـــاردە لای کـــوروش و پێی گوت: «کوروشـــی خوێنخۆر! ســـەبارەت بەو ڕووداوە، شانازی بە سەرکەوتن مەکـــە، چونکە شـــەڕابت بەکارهێنـــا، ئەوەی تەنگەکانـــت پێ ئەســـتوور کـــردووە. ئێوە بە خواردنەوەی شـــەڕاب هزر و فام لە لەشـــتاندا دادەبەزێ و چی ناحەزە بەسەر زارتاندا دێ. بە حیللە و بە یارمەتیی ئەو دەرمانە، کوڕی منتان لە داو خســـت، نەک بە شـــەڕێکی بەرامبەر و جوامێرانە لە مەیداندا. ئێستاش باشتر وایە کە گوێ لـــە ئامۆژگارییەکانی بەنرخی من بگری. هەرچەند یەک لە ســـێی لەشکرەکەمت لەنێو بـــردووە، داوادەکەم کوڕەکـــەم بنێرەوە لام و لـــە وڵاتەکەم دەرکەوە، بەبێ ئەوەی تووشـــی ڕووداوی ناخۆش بێی. ئەگەر بەقسەم نەکەی، سوێند بە خۆر، خوای ماساغێتییەکان دەخۆم و بەڵێـــن بە گەورەی ئایینی میللەتەکم دەدەم کە خوێنـــت دەرخوارد بدەم، هەرچەند دەزانم تینوێتیت قەت ناشـــکێ». (مێـــژووی هێرۆدۆت، بەندی ٢١٢)

هێـــرۆدۆت لە درێژەدا دەڵێـــت: «کوروش پەیامەکەی بەهێند وەرنەگرت. ســـپارغاپیس، کـــوڕی خاتـــوو تۆمیریس، ئەویـــش وەهۆش هاتـــەوە و لێـــی حاڵی بـــوو کە تووشـــی چ چارەنووسێک هاتووە. داوای لە کوروش کرد کە دەستبەندەکانی بکەنەوە. وەختێک دەستەکانی ئازاد بـــوون، لەجێوە خۆی کوشـــت».(مێژووی هێرۆدۆت، بەندی ٢١٣) «سپارغاپیس بەو چەشنە مـــرد. خاتوو تۆمیریس لەبـــەر ئەوەی کوروش داواکانی بەجێ نەگەیاند، تەواوی لەشکرەکەی بۆ شەڕ کۆکردەوە و بەرەو گۆڕەپانی شەڕچوو». (مێژووی هێرۆدۆت، بەندی ٢١٤)

هێرۆدۆت لەســـەر کوژرانی کـــوروش ئاوا دەگێڕێتەوە: «من لەو باوەڕەدام کە لەنێو گشت ئەو شـــەڕانەی لەنێوان بەربەرەکاندا قەوماون، ئەوەیان لە هەموویان توندتر بووە. دەگێڕنەوە کە لە ســـەرەتای شـــەڕدا دوو لایەن ڕوبەڕوی یەکتر وێستان و دەستیان بە تیرهاوێژی کرد، پاشـــان لەبەر ئەوەی کە تیرەکانیان تەواو بوو، ئامبازی یەکتر بوون و شـــەڕی تاکەکەســـی قەوما. شـــەڕی ئەو جارەیان بە نێزە و شمشێر بـــوو. ئەو جەنگـــە ماوەیەکـــی زۆری خایاند و هیچکەس حازر بە پاشەکشە نەبوو. لەکۆتاییدا ماساغێتییەکان سەرکەوتن. بەشی هەرەزۆری لەشـــکری پارس لـــەو مەیدانـــەدا تێداچوو و کـــوروش خۆیشـــی پاش بیســـت و نۆ ســـاڵ پاشـــایەتی کوژرا. تۆمیریس داوای مەشکێکی پڕ لە خوێنی مرۆڤی کرد و خێرا بۆیان هێنا و ئەوجار داوای کرد تەرمی کوروشی بۆ بدۆزنەوە. کاتێک جەنازەی کوروش دیترایەوە، تۆمیریس سەری مەشکی خوێنی بە زاری ناوبراوەوە کرد و کەلاکەکەی ئازاردا و پاشان گوتی: «تۆ منت وێران کرد، هەرچەند زیندووم و براوەی شەڕ. تۆ کوڕەکەی منت بە حیللە کوشت، ئێستاش لەبەر ئەوەی هەڕەشـــەم لـــێ کردبووی، ئیتر دەبـــێ تێروپڕ خوێنت دەرخوارد بدەم».(مێژووی هێرۆدۆت، بەندی ٢١٤)

دوای ڕووخانـــی ئیمپراتـــۆری میدیـــا و هاتنەســـەرکاری هیخامەنیشـــییەکان، دۆخی ناوچەکەش بەتەواوی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و شەڕ و وێرانکاری دەستی پێ کرد. پارسەکان بەو هەستی پاوانخوازییەی هەیانە و تا ئێستاش بەردەوامە، هەر جارێ پەلاماری شوێنێکیان داوە و تووشـــی نەهامەتییان کردووە. یۆنانییەکان، ڕەنگـــە ئەوانیش هەســـتێکی مەزنیخوازی لە زەینیاندا هەبووبێ، بەڵام لانیکەم پێشـــکەوتن

و ئاوەدانیشیان پێشکەش کردووە. هەر لە «مێژووی شەڕی پارسەکان»دا هێرۆدۆت بەو چەشنە باسی شاری ئەسکەندەرییەی میسر دەکا کە ئەودەم بە یارمەتیی زانایانی میسری و یۆنانی، بووەتە گەورەترین و ناسراوترین ناوەندی زانستی.

« ئەو شوێنە ئێستا بووەتە بەشێک لە شاری ئەلێکساندریا و لە سەرەوەی لەنگەرگەی گەمییەکان جێی گرتووە و بەسەر ئەویدا دەڕوانێ. ناوچەکانی دراوسێی ئەو کۆنە ئاواییە کە سەردەمێک ئاوەدان بووە، دراوە بە خێڵ و عەشیرەکانی دەوروبەر، بۆوەی پێش بە هاتنی خەڵکی بێگانە بگرن. کاتێک ئەلێکساندرۆس گرینگی و ئیمکاناتی ئەو دەڤەرەی بەرچاوکەوت، بڕیاری دا لەوێ بەندەرێک دروست بکەن و بە دیوار و حەساری مەحکەم دەوری بگرن. لەکاتی نەخشەکێشانی شار و بەندەرەکە، زانیارییەکی فرە تۆمارکراوە. ڕووداوێک کە بووە مایەی خۆش شانسیی شارەکە، ئەوە بوو کە کاتێک مێعمارەکان سەرقاڵی کێشانی نەخشەی شار بە گێچ بوون، گێچیان لێ بڕا، ڕاست لەکاتی تەواوبوونی گێچ، ئەسکەندەر بۆ بەسەرکردنەوەی پێشوەچوونی کارەکان هاتووەتە ئەوێ. خێرا ئاردی جۆی پێ داون و مێعمارەکان نەخشەی کوچە و کۆڵانەکانیان پێ کێشاوە. خەڵکەکە خۆیان ئەو ڕووداوەیان وەکوو خۆش ئیقباڵی لێکداوەتەوە.

یا سەبارەت بە شاری سمیرنی (ئەزمیر) کە یۆنانییەکان لە سەردەمی خۆیاندا ئاوەدانیان کردووەتەوە و گەشەی سەندووە و دواتر لە سەردەمی ئەتاتورکدا تەواوی مەسیحییەکانی نیشتەجێی ئەو شارە، بەتایبەت یۆنانییەکان کۆمەڵکوژ دەکرێن، چۆن شارێک بووە. ئاخر تورکی داگیرکەریش چەشنی پارسەکان هێرش و داگیرکاری و خوێنڕشتنیان بەلاوە شانازییە و بە کوشتن و وێرانی و داگیرکاریی خۆیان دەڵێن مێژووی بە شکۆی شارستانییەت، با بزانین ستراڤۆن لە کتێبی «جۆغرافیا»دا چۆن باسی سمیرنی دەکا:

«لە درێژەدا چاومان بە کەنداوێکی تر دەکەوێ کە لە کەنارئاوی ئەو، سمیرنی کۆن بە مەودای بیست ستادیۆ دوور لە سمیرنی تازە دروست کرابوو. لیدییەکان بۆ ماوەی چوارسەد ساڵ حوکمڕانیی شاری سمیرنییان کرد. ئەوان شارەکەیان بەسەر چەند شارۆچکەی بچووکدا دابەش کردبوو. پاشان ئەندیغۆنۆس و دوای ئەویش لیسیماخۆس شارەکەیان دووبارە دروست کردەوە. ئەمڕۆ جوانتر لە شارەکانی دیکەیە. بەشێکی شار بەرەو چیا، خاوەن شوورەیە، بەڵام بەشی زۆرتری لە دەشتایی هەڵکەوتووە و بەرەو بەندەر و میترۆئۆ و وەرزشگە ڕاکشاوە. نەخشەی باشی بۆ دارێژراوە و شەقامەکانی گەلێک بەرفراوانن. جادە و کۆڵانەکان بەردڕێژکراون. شار خاوەن کۆمەڵێک هەیوانی چوارگۆشەی دووبانەکییە. کتێبخانەی هەیە و بینای ئۆمیرۆسیش دروست کراوە».
(جوغرافیای ستراڤون بەندی ٣٧)

ئارغۆسییەکان شاری تارسۆسیان دروست کردووە، ئێستا لە پارێزگای مێرسینی تورکیا هەڵکەوتووە. لە سەردەمی ڕۆمییەکاندا ئەو شارەش نوێنگەی فەیلەسوف و گەورە زانایان بووە. ستراڤۆن لە باسی ئەوێشدا بەو جۆرە دەدوێ: «دانیشتووانی شاری تارسۆ گەلێک تامەزرۆی فێربوون و گەشەی زانستن، نەتەنیا لە بواری فەلسەفەدا، بەڵکوو لە گشت بوارێکی دیکەی زانستی لە خەڵکی ئاتێن و ئەسکەندەرییە پێشکەوتووترن. جیاوازیی ئەو شارە لەوەدایە کە هەموو ئەو کەسانەی هۆگری زانست و فێربوون و خوێندنن خەڵکی خودی شارەکەن. خەڵکی بێگانە خوازیاری هاتن و مانەوە لێرە نین. دیارە ئەوانەی کە لێرە دەخوێنن، هەربەوەندە ڕازی نابن و بە مەبەستی تەواوکردن و خوێندنی باڵا ڕوو لە دەرەوە دەکەن. کاتێک پێگەیشتن و خوێندنیان تەواو کرد، ژمارەیەکی کەمیان دەمێننەوە و زۆربەیان دەگەڕێنەوە تارسۆ. سەبارەت بە شارەکانی دیکەی جیا لە ئەسکەندەرییە کە

ناوەندی زانستت و عیلمن و ناوم هێناون، ئەو بۆچوونە بە پێچەوانەیە. زۆربەی خوێندکاران لە شارەکانی دیکە کە خۆشترن دەمێننەوە و ناگەڕێنەوە مەوتەنی خۆیان. بۆ شاری تارسۆ وا نییە. بەدەگمەن کەسێکی خەڵکی ئەوێ بەرچاوەکەوێ لە دەرەوە بژی، مەگەر ناچاربووبێ. لە ئەسکەندەرییە هەردوو حاڵەت هەیە. لەلایەکەوە خەڵکانی دەرەوە بە مەبەستی خوێندن و فێربوون ڕوو لەو شارە دەکەن و لەولاشەوە دانیشتووانی ئەسکەندەرییە بەرەو ناوەندەکانی تری فێربوون دەچن و ژمارەشیان کەم نین. لەوەش گەڕێین کە شاری تارسۆ خۆی چەندین قوتابخانەی فەلسەفیی جۆراوجۆری هەیە. لەسەر یەک نەک شارێکی خاوەن خەڵکی تێکۆشەر و ڕووناکبیرە، بەڵکوو بازێڕێکی بەوەج و شایانی ناسناوی شاری دایکە «پێتەخت/ میترۆپۆلی».(جعرافیای ستراڤون بەندی ١٣)

هەر لە درێژەی باسی شاری تارسۆ ستراڤون دەڵێت: «فیلۆسۆفی ڕەواقی (ستۆویکی) ئەندی پاترۆس، بەناوەکانی ئارخێدیمۆس و نێستۆر لە شاری تارسۆ لە دایک بوونە. فیلۆسۆفی دیکەش هەبوونە کە ئەوانیش بە ناوی ئاتینۆدۆرۆس ناسراو بوونە.....».(جوغرافیای ستراڤون بەندی ١٤)

ئەگەر درێژدادڕیم نەکردبێ، بۆیە وەها بەوردی باسی جیاوازیی فەرهەنگیی ئەو دوو نەتەوەیە، واتە پارسەکانی کۆن و ئێرانییەکانی ئەمڕۆم کردووە، چونکە پارسەکان بە درێژاییی مێژوو کوردەکانیان پێ دز و چەتە بووە. لەحاڵێکدا هەر ئەو کوردانە کە شەڕیان دژی لەشکری یۆنانی کردووە، نووسەرە یۆنانییەکان بە دز و چەتە ناویان ناهێنن. کەسانێکی وەکوو هێرۆدۆت یا گزنفۆن چی زانیاریی دەستیان کەوتبێ، بە ئەمانەتەوە نووسیویانەتەوە و بۆ جیلەکانی دوایی جێیان هێشتووە، بەڵام ئێرانییەکانی ئەمڕۆ چی زانیاریی تۆمارکراوی نووسەرە بیانییەکانە، خێرا خۆیان گەیاندووەتێ و بە قازانجی خۆیان و بە زەرەری خەڵکانی دراوسێ و بەتایبەتی کوردەکان گۆڕیویانە.

بۆ وێنە هەر لە ئاناباسی گزنفۆندا، وەک پێشتریش باسم کردووە، لە هیچ شوێنێکی ئەو کتێبەدا ناو و وشەی «ئێران و ئێرانی» نەهاتووە و هەمیشە لە چەند وێژەیەکی چەشنی یۆنانییەکان، بەربەرەکان، کاردووخەکان و پارسەکان کەڵک وەرگیراوە، بەڵام لە وەرگێڕدراوە فارسییەکاندا، هەموویان گۆڕیون و نووسیویانە یۆنانی و ئێرانییەکان. هەڵبەت هەتا شەڕ و دیدار و سەفەر و ڕووداوەکان لە خاکی پارسەکاندا قەوماون، ئەوە «یۆنانی و ئێرانی» دەکارکراوە، (لە وەرگێڕدراو بە فارسی) هەرکە ئەو شەڕ و ڕووداوانە هاتوونەتە سەر خاکی کاردووخەکان یا کوردەکان، ئەوە وێژەی « یۆنانی و بەربەرەکان» هاتووەتەوە جێیی خۆی. لە وەرگێڕدراوەکانی دیکەشدا، وەکوو مێژووی هێرۆدۆت یا تووکیدیدیس و کتیسیاسیشدا هەر بە هەمان شێوە دەستکارییان کردوون.

*. عەلی فەتحی، نووسەر و وەرگێر، ساڵی ١٩٦٠ی زایینی لە شاری شنۆ لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە شنۆ تەواوکردووە. ساڵی ١٩٨٦ بورسی خوێندنی لە وڵاتی یۆنان وەرگرتووە و لە زانکۆی پۆلیتێکنیکی شاری ئاتێن ماستێری لە ڕشتەی مێعماری و شارسازی وەرگرتووە، کاک عەلی وەرگێڕی یۆنانی بە کوردییە و هەتا ئێستا بەشێک لە مێژوو و وێژەی یۆنانی کردووە بە کوردی و لە وەرگێڕاوەکانی دەکرێت، ئاماژە بە ئاناباس، مێژووی شەڕەکانی پارس و جۆغرافیای ستراڤۆن بکەین.

## پەراوێزەکان


١ . مێژووی شەڕی پارسەکان، ناسراو بە مێژووی هێرۆدۆت، نووسەر هێرۆدۆت، وەرگێڕ عەلی فەتحی - چاپی دەزگای موکریانی لە هەولێر، ساڵی ٢٠١٣ – چاپەمەنیی مانگ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵی ٢٠١٩

٢. ئاناباس، نووسەر گزنفۆن، وەرگێڕ عەلی فەتحی - چاپی دەزگای موکریانی لە هەولێر، ساڵی ٢٠١٣ – چاپەمەنیی مانگ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵی ٢٠١٩

٣. جوغرافیا، نووسەر ستراڤۆن، وەرگێڕ عەلی فەتحی - چاپی دەزگای موکریانی لە هەولێر، ساڵی ٢٠١٣ – چاپەمەنیی مانگ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵی ٢٠١٩

٤. کتیسیاس، نووسەر کتیسیاس، وەرگێڕ عەلی فەتحی - چاپەمەنیی مانگ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵی ٢٠١٩